# ڕۆڵی ژن لەبزوتنەوەی شانۆ و دراما و میدیای کوردیدا هەولێر بە نمونە لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠ بۆ ١٩٩٠

**پ.ی.د. ئەکرەم فەرەیدون حەمەئەمین**
بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین
akram.hamaamen@su.edu.krd
**پ.ی.د. ژیلوان طاهر باپیر**
بەشی شانۆ و سینەما، کۆلێژی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین
zhilwan.bapir@su.edu.krd

**پوختەی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (**ڕۆڵی ژن لەبزوتنەوەی شانۆ و دراما و میدیای کوردیدا هەولێر بە نمونە لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠ بۆ ١٩٩٠**) زیاتر سەرنج دەخاتە سەر ڕۆڵی ژن و بەتایبەتیتر ڕۆڵی ژنانی هەولێر لەو سەردەمەدا، کە لێرەدا زیاتر تیشک دەخرێتە سەر هەڵسوڕاوان و بزوتنەوەی ئەوکاتی ژنان لە ڕوی (**شانۆ و دراما و میدیای کوردیدا**) و گرنگی شانۆ و ئەو دراما کوردییانەی کە هاوکات وەك میدیایەکی بینراو و بیستراو ڕۆڵییان گێڕدراوە لەهەولێر لەنێوان ساڵانی (1970 -1990) کە لەڕوی مێژووییەوە بە سەردەمی زێرین ئەژمار دەکرێت سەرباری ئاستەنگی زۆری کۆمەڵایەتی و سیاسی...هتد، جگە لە تیشك خستنەسەر ڕەگەزەکانی دراماو شانۆ و گرنگی شانۆ کە زۆربەی کات و لە شێوەی چیرۆکی پەروەردەیی و نواندن و نمایش خۆی بینیوەتەوە، لەهەمانکاتدا تیشك خراوەتەسەر قۆناغەکانی مێژووی شانۆ و دراماو میدیای کوردی، سەرباری تایبەتمەندی و ڕەگەزەکانی شانۆ و ڕۆڵی چیرۆکی ناوخۆیی و بیانی وەرگێردراو لەناو دەقە دراماییەکان و گرنگییەکەی لەڕووی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و سیاسی ..... هتد فەرامۆش نەکراوە، هەربۆیە کاراکتەرەکان و جۆرەکانیشی ڕوونکراوەتەوە و گرنگییەکەی باس کراوە.

**کلیلە وشە: ڕۆڵ، ژن، بووتنەوە، شانۆ، دراما، میدیا**

**الملخص**

هذا البحث بعنوان (دور المرأة في المسرح والدراما والحركة الإعلامية الكردية في أربيل مثلا بين عامي 1970 و 1990) يركز على دور المرأة وخاصة دور المرأة في أربيل في ذلك الوقت وأهمية المسرح الكردي و الدراما التي لعبت دور الإعلام المرئي والمسموع في أربيل بين الأعوام (1970-1990) التي تعتبر العصر الذهبي تاريخيا رغم العديد من العوائق الاجتماعية والسياسية، بالإضافة إلى تسليط الضوء على أنواع الدراما والمسرح وأهمية المسرح والتي غالباً ما تكون على شكل قصص تعليمية وتمثيل وعروض، كما أنها تسلط الضوء على تاريخ المسرح والدراما والإعلام الكردي، ولذلك تم شرح الشخصيات وأنواعها وتمت مناقشة أهميتها.

الكلمات المفتاحية: الدور، المرأة، الوجود، الدراما، الإعلام

**پێشەکی**

ژنی کورد لەدێر زەمانەوە ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لەسەر جەم کایەکانی ژیان، وەکو بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کوردستان و ژیان و گوزەرانی ناو کۆمەڵگا و سەرجەم بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕامیاری و سایکۆلۆژی، هەمیشە شان بەشانی پیاو بەشداری کردووە لەڕەوڕەوەی قۆناغەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگا. ئەگەر تیشک بخەینە سەربواری شانۆ و هونەر و میدیا بەتایبەتی لەدوای ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، لێرەو لەوێ ژنی کورد زۆر بوێرانە ترس و دڵەڕاوکێ و نەریتەکۆنەکانی ناو کۆمەڵگای ڕەتکردۆتەوە و هەستی بەبەرپرسیاریەتی کردووە و هاتۆتە ناو بواری شانۆ و هونەر و میدیای کوردی بەتایبەتی لەدوای ڕێککەوتن نامەی (11) ئازاری ساڵی 1970، ئازادی و کرانەوە و خەبات و تێکۆشانی ژنانی کورد بەشێوەیەکی بەرچاو ڕەنگی داوەتەوە وهێز و دەسەڵاتی ژن بووەتە بەشێکی گرینگ لەپێکهاتەی بەڕێوەبردنی ئەرک و



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

فەرمانەکان لەسەرجەم پسپۆڕییەکانی ناو ژیانی کۆمەڵگا لەدوای نسکۆی ساڵی 1974 ژنی کورد لەشاخ و لەشاریش هەم بەگیانێکی لەخۆبردوو شۆڕشگێرانەو نیشتمان پەروەرانە بەگڕو تینێکی زیاترەوە هاتۆتە سەرشانۆ و لەدرامای تەلەفزیۆنی وەکو ئەکتەر و تەکنیککار بەشداربییەکی گاریگەری هەبووە، هەم دیسان لەبواری میدیادا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت لەژنی کورد لەگەڵ شەپۆلی پێشکەوتنی تەکنیک و تەکنەلۆژیای کۆتایی سەدەی بیستەم هەموو هەوڵ و کۆششێکی داوە بۆ ئەوەی بەشداربێت هەربۆیە لەوسەردەمەدا چەندین ژنی کورد بوونە ئەستێرەیەکی پرشنگدار لەبواری شانۆ ودرامای تەلەفزیۆنی و سەرجەم پسپۆریەکانی کاری ڕۆژنامەگەری کەناویان چووە ناو لاپەڕەکانی مێژووی ڕۆشنبیری کوردی و بوونە شانازییەک و ڕێچکەشکێن بۆنەوەکانی دوای خۆیان، لەدەرئەنجامدا چەندین ژنی کورد توانیان لەسەر بنەمایەکی فیکری و هونەری و ئیستاتیکی توانیان پەیمانگا و کۆلێژی هونەرەجوانەکان میدیا تەواو بکەن و بەشێوەیکی ئەکادیمی بێنە ناوبواری هونەر و میدیا کەلەئێستادا ڕۆڵی کاریگەریان هەیە لەبزووتنەوەی ڕۆشنبیری کوردی لەهەرێمی کوردستاندا.

ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە پوختە و پێشەکی و چوار باس:

باسی یەکەم: (چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە)، باسی دووەم: (چوارچێوەی تیۆری) یە، کە پێکهاتووە لە: چەمك و پێناسە و جۆرەکانی شانۆ و دراما و میدیای کوردی، هەروەها: سەرەتای سەرهەڵدانی شانۆ، گوزەرێکی مێژوویی بەشانۆ و درامای کوردی لە هەولێر لە نێوان ساڵانی (1970 – 1990)، کە خۆی لەم تەوەرانەدا دەبینێتەوە:

تەوەری یەکەم: ئەم تەوەرەیە بە تەوەری سەردەمی کراوەنەوەی رۆشنبیری هەژمار دەکرێت کە لەنێوان ساڵانی (1970 – 1974)

تەوەری دووەم: ئەم تەوەرەیە بە تەوەری پێشکەوتن و تەکنیك و تەکنەلۆژیای هونەری هەژمار دەکرێت کە لەنێوان ساڵانی (1975 – 1980)

تەوەری سێیەم: ئەم تەوەرەیە بە تەوەری سەردەمی زێرین هەژمار دەکرێت کە لەنێوان ساڵانی (1981 – 1990)

باسی سێیەم: (میدیا لە خزمەتی شانۆدا)، ئەم بەشە بەشێوەیەکی گشتی هەموو جۆرەکانی ڕاگەیاندن و گرنگییەکەی لە خزمەتی شانۆ و درامای کوردیدا دەخرێتەڕوو.

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا گرنگترین ئەنجام و دەرەنجام ڕاسپاردە و پێشنیارەکان خراوەتەڕوو.

**باسی یەکەم/ چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە**

کێشەی توێژینەوە

ئەگەر ئاوڕیکی خێرا لەمێژووی بزووتنەوەی ڕامیاری و ڕیشنبیری و کۆمەڵایەتی ژنی کورد بدەینەوە، دەبینین لە ڕەوڕەوەی ژیانی کۆمەڵایەتیدا ژنی کورد شان بەشانی پیاوان بەشدارییەکی کاریگەری هەبوولەبەڕێوەبردنی خێزان و ئەرک و فەرمانەکان و بژێوی ژیان لەسەرجەم قۆناغە جیاوازەکاندا هەروەها لەبەڕێوەبردی کاروباری ڕامیاری و دیبلۆماسی و پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان و سەرقافڵەی کاروان و سەرکرایەتی دا چەندین نموونەمان هەیە. بەڵام مێژووی ژنانی کورد لەبواری ڕۆشنبیری و هونەر و میدیادا تاکو ناوەڕاستی سەدەی بیستەم زۆر دەگمەن بووە بەهۆی ڕیگری باوک سالاری و تیر و توانجی ناو کۆمەڵگای داخراوی کوردەواری و وێنەگرتن لەحەز و هیواو خەون و خەیاڵ و ئامانجەکانی ژنی کورد کە بەقۆناغێکی تاریک دەژمێردرێت لەویست و خواستی ژنانی کورد لەناوکۆمەڵگای کوردیدا، خۆشبەختانە لەگەڵ تەوژمی پێشکەوتنی تەکنیک و تەکنەلۆژیا لەوڵاتانی خۆرئاوادا لەسەرتای سەدەی بیستەم بەدواوە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کاریگەرییەکانی بەسەر وڵاتانی ڕۆژهەڵاتەوە ڕەنگی دایەوە، میللەتی کوردیش کەهەمیشە ژێردەستەی ڕژێمەکان بووە بەڵام لەناخەوە هەمیشە بوێر و خۆڕاگر و ئازا و چالاک بووە، لەگەڵ هەموو ڕیگرییەکانی ناو کۆمەڵگا بەڵام ژنی کورد دەستەو ئەژنۆ دانەنیشتووە هەمیشە ڕووبەرووی چەوساندنەوە و ڕێگرییەکان بۆتەوە وەلەپێناویدا زۆر قوربانی داوە. لەساڵانی بیستەکان تاکو کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، بزووتنەوەی ڕۆشنبیری و هونەری و میدیا لەژێر دەسڵاتی پیاودا بووە، بەڵام لەسەرتای ساڵانی حەفتاکان تاکو کۆتایی سەدەی بیستەم بەشێوەیەکی خێرا و بەرچاو ژنانی کورد لەژێرکاریگەری پیاوانی ڕۆشنبیر و پێشکەوتووخواز بوێرانە هاتنە ناو بواری ڕۆشنبیری و هونەری و میدیادا، ئەو بۆشاییەیان پرکردەوە کەپێشتر لەجیاتی ژن لەشانۆ و درامادا ڕۆڵی ژنانیان دەبینی کەگرفتێکی زۆر گەورەبوو لەناو هەموو بەشەکانی هونەردا، هەم دیسان لەسەرجەم بوارەکانی کاری ڕۆژنامەگەریدا هاتنە پێش و توانیان بوونی خۆیان بسەلمێنن کە ژن تەواوکەری پیاوە و دەتوانێت لەهەموو بوار و پسپۆڕییەکاندا ڕۆڵی خۆی ببینێت لەئەرک و فەرمانەکانی دەوڵەتدا، لەبەڕێوەبردنی خێزان و کایەکانی ژیان دا هەربۆیە بۆ گرفتی ئەم توێژینەوەیە دەپرسین:

پ1/ ئەو گرفتانە چین کەهاتوونەتە بەردەم ژیان لەبزاڤی ڕۆشنبیری و هونەری و میدیادا؟

پ2/ ژنان چۆن توانیان ڕۆڵی خۆیان ببینن لەبواری کاری هونەری و میدیادا؟

ئامانجی توێژینەوەکە:

1- ئەم توێژینەوەیە هەنگاوێکی زانستییە بۆ گەیشتن بەم ئامانجانەی خوارەوە، چونکە هیچ توێژەرێك ناتوانێت بگاتە ئەنجامێکی دروست، ئەگەر پێشوەخت ئامانجێکی دیارکراوی نەبێت:

2- هەوڵدان بۆ دەستنیشانکردنی دیارترین ئەو ژنانەی کە لە نێوان ساڵانی 1970 بۆ 1990 لە شاری هەولێر لە بوارەکانی شانۆ و دراما و میدیادا ڕۆڵیان بینیوە.

3- هەوڵدان بۆ زانین و دەستنیشانکردنی شوێنی کارکردنی ئەو ژنانەی کە لە نێوان ساڵانی 1970 بۆ 1990 لە شاری هەولێر لە بوارەکانی شانۆ و دراما و میدیادا ڕۆڵیان بینیوە.

کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە:

- کۆمەڵگەی توێژینەوەکە: کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە سەرجەم ئەو ژنانەی شاری هەولێر.
- نموونەی توێژینەوەکە: نموونەی ئەم توێژینەوەیە بریتیین لەو ژنانەی شاری هەولێر لە نێوان ساڵانی (1970 بۆ 1990) کە بوارەکانی شانو و دراما و میدیادا کاریان کردووە

سنوورەکانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە چوار سنور و بوار دەگرێتەخۆ:

- سنووری مرۆیی: بریتییە لە ژنانی شاری هەولێر کەلە بوارەکانی شانو و دراما و میدیادا کاریان کردووە.
- سنووری کاتی: لەماوەی نێوان (1970 تاوەکو 1990) توێژەران هەموو ئەو ژنانەی وەرگرتووە کە لەو ماوەیدا کاریان لەیەکێك لەو بوارانەدا کردووە.
- سنووری شوێن: توێژینەوەکە تەنها لە شاری هەولێر ئەنجامدراوە.
- سنوری بابەت: بابەتی سەرەکی ئەم توێژینەوە خۆی لە ڕۆڵ و کاریگەریی ئەو ژنانەی دەبینێتەوە کە بۆ ئەو کاتە ڕۆڵێکی کارایان بینیوە.

**باسی دووەم/ چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە**

یەکەم: ڕۆڵی ژنان لە نێوەندی شانۆ و دراما و میدیادا لە ساڵانی حەفتاکان لەسەدەی بیستەم

ڕەوشی شانۆ و دراما لە میدیا لەساڵی 1970 لەدوای بەیاننامەی (١١) ی ئازار، کرانەوەیەکی باشی بەخۆیەوە بینی ژنان جگە لە بەشداریان لە کایەی سیاسی و ڕۆشنبیری لەهەمان کاتدا دەرفەتیان بۆ ڕەخسا بتوانن بەشداری بکەن لە بواری هونەری شانۆ و دراما و بواری ڕۆژنامەگەری، هەر لەوماوەی دوای چەندین کۆمەڵە و تیپی هونەری دامەزران وەکو کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی لە ساڵی 1971، هەروەها تیپی هاوڕێیانی خوشکە گەزیرە و تیپی هونەری هەولێر.. هتد.، کەچەندین ژن توانیان بەشداری لەشانۆ و درامادا بکەن، لەهەمانکاتدا چەندین ژن بوێریانە هاتنە پێشەوە بۆبەشداری کردن لەکاری ڕۆژنامەگەری (کەریم، 2009، ل78). لەماوەی (٤) ساڵی دانوستاندنی سەرکردایەتی سیاسی شۆڕشی کورد لەگەڵ ڕژێمی بەغدا واتە ساڵی (1970 تا 1974) چەندین بەرهەمی شانۆ و دراما لەشارەکانی (هەولێر – سلێمانی –کەرکوک – دهۆک) بەرهەمهێنرا، زۆربەی دەقە شانۆییەکان لەلایەن نوسەرەانی کورد دەنوسرا، هەندێکیشیان لەدەقی بێگانەوە وەردەگێردرایە سەرزمانی کوردی، ئەم قۆناغە یەکەم قۆناغی پێشکەوتنی شانۆ و دراما و میدیا ناوزەر دەکرێت، هەرلەوماوەی ئەم چوار ساڵەدا تیپی مۆسیقای سلێمانی توانی چەندین ژن بهێنێتە سەر شانۆ و بەشداریان پێکات لە ئێوارە ئاهەنگی گۆرانی و موزیکدا. لەو ماوەیدا ئاوەڕدانەوەیەکی نوێ لەهونەری کوردی درایەوە بابەتەکانی شانۆ و درامای کوردی، هەمووی دەربارەی خەبات و تێکۆشان و بیری نەتەوایەتی بوو، لە 2/25 تا 1974/3/2 ڤیستڤاڵی یەکەمی هونەری کوردی لەشاری بەغداد سازکرا کە تیایدا چەندین بەرهەمی شانۆیی و موزیک و گۆرانی پێشکەش کرا بەبەشداری تیپ و گروپە هونەرییەکانی شارەکانی (هەولێر- سلێمانی – دهۆک – کەرکوک) هەر لەو ڤیستڤاڵەدا ڕێژەیەکی بەرچاو لە ژنانی کوردی بەشداری ئەم ڤیستڤاڵەیان کرد، لەهەمان کاتدا چەندین ژن وەکو ڕۆژنامەنووس ڕۆڵی خۆیان دەبینی (هەمان سەرچاوە، 2009، ل87-88).

ڕێککەوتنە شوومەکەی جەزائر لە 1975/3/6 لە نێوان سەدام حسێن و ڕەزاشای ئێران بەنێوەند گیری هوار بومدیيەن سەرۆکی ئەوسای جەزائر بووە هۆی کۆتایی هێنان بەشۆڕشی مەزنی ئەیلول، میللەتی کورد جارێکی تووشی بێئومێدی بوو، ڕەوشی ئەدەب و هونەر و میدیا لەباشووری کوردستان بەتەواوی وەستاو تووشی پەرتەوازەیی بوو، ساڵی 1975 بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد، جارێکی تر ڕوویان لەشاخ کردەوە و سەرلەنوێ دەستیان بەشۆڕش کردەوە، ئەمەش بووە پشت و قەناو هێز، بۆ ئەوەی هونەرمەندان و میدیاکاران بەرۆحێکی شۆڕشگێری و نەتەوەیی دەست بەچالاکی هونەری میدیایی بکەنەوە،

چونکە لەمێژووی ئەدەب و هونەر و میدیادا هەمیشــە ئەمبوارانە تەواوکەری شــۆڕشــەکانی گەلی کوردســتان بوونەو شــانۆش بەگەورەترین شۆڕشــی فیکر و فەلســەفەو پێشــکەوتن دادەنرێت لەناو گەلاندا، هەروەک شــانۆکاری جیهانی پرتۆلد برێنت دەڵێت: (نانێک و شانۆیەکم بدەرێ، گەلێک ڕۆشەنبیر پێشکەش دەکەم) (تاهیر، 2013، ل79).

لە قۆناغی یەکەمی بزووتنەوەی ژنان لەبواری هونەری بەتایبەتی لە پســپۆڕی شــانۆ و دراما و میدیادا لەســاڵانی حەفتاکانی ســەدەی ڕابردوو، گروپێک لەژنانی شــاری هەولێر بەگڕوتینەوە هاتنە ناو بواری شــانۆ و دراما و میدیادا هاوکات پێشــکەوتنی تەکنیک و تەکنەلۆژیای جیهانی وەکو تەوژمێک ســــەرجەم وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی گرتەوە و کەرەســــتەو ئامرازەکانی تەکنیک و تەکنەلۆژیا بووە پێویســــتییەکی ڕۆژانە لەناو دامودەزگاکانی حکومەت و ناو ماڵەکان، ئەمەش بووە هاندەریک کەزیاتر چاوی کۆمەڵگای کوردی ڕۆشنبکاتەوە، ژیان لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن وەکو بێژەر و پێشکەشکاری بەرنامەو پەیامنێر ڕۆڵی خۆیان ببینن، هاوکات لەسەرجەم شارەکانی کوردستانی باشوور ژنان توانیان بەبوێرییەوە بێنە سەرتەختەی شانۆ و لەدراما کوردییەکان دەرکەون، ئەم قۆناغەش زۆرگرنگ بوو لە مێژووی شــانۆ و دراما و میدیای کوردی دا، کەبەســــەردەمی زێڕین ناودەبردرێت. (محمد، 2019، ل101).

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بە گشــــتی ڕۆڵی میدیا لە ژیانی تاك و کۆمەڵدا زیادیکردووە. ئەو هێزانەی لە پشــــت میدیاوە کار دەکەن ئامانجییان ئەوەیە زۆرترین کاریگەریی لەسەر توێژەکانی کۆمەڵ، ژیانی تایبەتی و گشتی تاك و کۆمەڵ دروست بکەن. ئەو هێزانە گرنگی و بایەخی میدیایی تایبەتمەندییان بۆ دەرکەوت؛ بۆیە لەو ڕێگەیەوە لە هەوڵی ئەوەدان بە کوالێتییەکی باشتر و بە شێوەیەکی ورد و هەمەلایەن ئامانجەکانییان بەدەست بهێنن. (ابو زید و عبدالمجید، 2011، ل 68)

هەروەها ململانێی فیکری و ئایدۆلۆژی و سیاسی نێوان بەرە جیاوازەکانیش هۆکارێکی دیکەی یارمەتیدەر بوو لە گەشەی ئەم جۆرە ڕاگەیاندنە. (الاسعد، نادین،2015 ، ل45)

کرانــەوەی زیــاتر و ئــازادی چــاپــەمــەنیش ڕێگەخۆشــــکــەرێکی دیکە بوو، بــەو پێیــەی "پێشــــکــەوتن و گــەشــــەی کۆمــەڵگە هاوچەرخەکان لەســــەر ســێ بنەمای دادوەری ســەربەخۆ، ڕۆژنامەوانی ئازاد و ســەربەخۆ، کۆمەڵگەی مەدەنی چالاك و بەهێز بەندە". (الکیلانی، 2008، ل29)

مێژووییەکی دێرینی هەیە و هاوشان لەگەڵ دەرکەوتنی ڕۆژنامەوانیدا جۆرێك لە ڕاگەیاندن وێڕای کەمێك لە دواکەوتنی هاتە ئاراوە. مەبەســت لە ڕاگەیاندنی ژن، "ئەو جۆرە ڕاگەیاندنەیە کە بەشــێکە لە ڕاگەیاندنی تایبەتمەند و هەڵگری پەیام و خواســتی ئەو ڕۆژنامەوانانەیە کە بایەخ بە پرسی ژن و خێزان و منداڵ دەدەن و خەمی ژنانیان لەبەرچاوگرتووە"

بە ســەرنجدان و وردبوونەوە لە پێناســەکە، دەتوانیین بڵێین: ڕاگەیاندنی ژنان، لەســەر بنەمای دابەشکاری ڕەگەزیی و لە پێناو خســتنەڕووی واقیعی ژن، داواکاری مافەکانی، هێنانەدی یەکســانی و گواســتنەوەی دۆخی ژن لە ژێردەســتییەوە بۆ ســەربەســتی هاتووەتە ئاراوە و لە ڕێگەی ئامرازی دیاریکراوی ڕاگەیاندنەوە پەیامەکەی ئاراســــتەی جەماوەری دیاریکراو، کە ژنانی ئازادیخواز و پیاوانی یەکسانیخوازن دەکات.

تێگەیشــــتن و وردبوونــەوە و لێکۆڵینــەوە لــە ڕەوتی مێژوویی ڕاگــەیــاندنی ژنــان بۆ ئێســــتــا و داهــاتووی کــایــەی مــەعریفی کۆمەڵگەکان گرنگی خۆی هەیە چونکە، لە ڕێگەی ئەو لێکۆڵینەوانەوە دەتوانین تێگەیشــــتنی هەمەلایەن بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕەوتی گەشــەســەندنی بزوتنەوەی ژنان و ئەو گۆڕانکارییانەی بەســەر پێگە و ڕۆڵ و داواکارییەکانیاندا هاتووە بزانیین. (ســعید، منی، تاریخ الصحافة النسائیة في العراق، موقع المجلة.)

هیوا فریادڕەس، لە کتێبی ژن لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا دەڵێت:- "دەرکەوتنی ناوی ژن لەکایەی ڕۆژنامەگەری کوردیدا، بەنزیکەی ســی ســاڵ دوای دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی دێت و دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاســتی بیســتەکانی ســەدەی بیســتەم. لەهەردوو ڕۆژنامەی (ژیان) و (ژین)دا، ناوی کچانە بەرچاو دەکەوێت کە نوسەری بابەتەکان کچ نەبوون، بەڵکو ئەوە هاندانێک بووە بۆ کچان و ژنــان و ڕاکێشــــانیان بۆ مەیدانی نوســــین". هەروەها دەڵێت:- " چ پیرەمێردو چ هەندێ لەنووســــەرانی ئەو ســــەردەمە، چەندین بابەتیان بەناوی کچێکەوە نووســــیویانە کە خوازراو بێت یان بەناوی کچەکانی خۆیان نووســــیویانن". (هیوا فریادڕەس، ٢٠١٢، ل٥٩).

لە یەکی مایســی ١٩٥٩ یەکەم ژمارەی گۆڤاری (ئافرەت)، ئۆرگانی کۆمەڵەی ئافرەتانی عیراق، بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەرچوو تا داخستنی لەمانگی ئابی ١٩٦٢، پانزە ژمارەی لێ دەرچووە. (محمد بابۆلی، ٢٠١٣، ل١٥٩).

لەرادیۆی کوردی بەغداد، لەســەرەتادا، واتا لەســاڵی ١٩٣٩ و ســەرەتای چلەکان، دوو ســترانبێژ هەبوون، بەناوی خوازراو (دایکی جەمال، کە لەســەر قەوان بەناوی شــیرین خانم ســترانی هەیە) و ئەوەی تر بەناوی (مریەم خان). دواتر لەســاڵی ١٩٤٥ ژنــی گۆڕانی بێژ بۆ ئاهەنگی زیندو زیاتر هاتۆتە پێش لەوانە (ئەڵماس محەمەد، فەوزیە محەمەد، نەسرین شێروان، لەیلا عزیز، نازدارو ئەسمەر فەرهاد، خۆخێ مووساو ماریی مووسا، ئەختەر سالح، دۆتمام، کە دیارە بەبادینی سترانی ووتوە بە بنت عمی

ناوی هاتووە، پەخشان و ژیان و گەلاوێژ)، لەشارەکانی کوردستان ئەو کاتانە زۆر ئافرەتی دەنگ خۆش هەبوون، لەبەر داب و نەریت ڕێگایان پێنەدراوە. بەڵام بۆ کاری گوتاربێژی و بێژەری و بەرنامەکانی رادیۆ، هەوڵدراوە ژن بێتە گۆڕەپانەکەوە، ئەگەرچی دیسان بۆ کچان و ژنانی کورد قورس بووە، کە لەو کاتانەدا بەدەیان کچی کورد لەکۆلێژەکانی بەغداو خانەی مامۆستایانی بەغدا هەبوون، بەڵام پیاوانی ناو رادیۆی بەغداد، هەوڵدەدەن بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ئافرەت لەرادیۆی کوردی بەغداد، ژن و خوشک و کچانی خۆیان بهێنن، لەسەرەتادا لە ١٩٥١، عبدالقادر قەززازی، بێژەرو وەرگێری رادیۆکە، لوتفییە قەززازی خوشکی دەهێنێتە نێو رادیۆ،دەبێتە یەکەم ژنی گوتاربێژی لەرادیۆی کوردی بەغداد، کە ئەو کاتە لەبەغدا خوێندکاری کۆلێژی حقوق بوو، بۆ بەشی ئافرەتان چوو، بۆیە هەر بابەتێک پەیوەندی بەئافرەت هەبووایە، ئەو باسی دەکردو لەرادیۆکەدا پێشکەشی دەکرد، وەک (پەروەردەی منداڵ و ماڵ و ماڵداری و ژیانی ئافرەت و چۆنێتی راگرتنی ماڵ و منداڵ و ئامادەکردنی خۆراک و چۆن ئافرەت روو بکاتە زانست و خوێندن).

لەساڵی ١٩٥٦ کامیلە ئەمین یامولکی، خێزانی بێژەرو وەرگێر عادل عیرفان، دێتە نێو رادیۆکە و بەرنامەی منداڵانی پێشکەش دەکرد. کامیلە ئەمین خوێندنی سەرەتایی لەسلێمانی تەواو کردوە، بەڵام لە شاری هەولێرو کەرکوکدا ژیاوە. پاشان سروە کەریم زانستی، خوشکی کەریم سەعید زانستی، دێتە نێو رادیۆی کوردی بەغدا، سروە ئەوکاتە تەمەنی ١٥ ساڵان بووە، قوتابی ناوەندی بووە، (کەریم زانستی)ی باوکی بابەتەکانی بۆ ئامادە کردوە.

هەندێک سەرچاوە وا ئاماژە دەکەن کە یەکەم بێژەری ئافرەت لە رادیۆی کوردی بەغداد، (دکتۆرە نەسرین فەخری) بووە،کە دکتۆرای لەزانستەکانی مرۆڤ ناسییدا هەیە، لە ١٩٥٦ هاتۆتە رادیۆکەو چەند مانگێک کاری بێژەری کردوە، هەندێک سەرچاوەی تر ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەو کەسەی بۆ یەکەمجار کاری بێژەری لەرادیۆی کوردی بەغدا کردوە، نەزاندراوە کە کێیە (کەمال رەئووف محەمەد، ٢٠١٤، ل٣٦٦-٣٧٧).

لەشاری هەولێر لەکۆتایی پەنجاکان لەلایەن قوتابیانی ئامادەیی و دواناوەندییەکانەوە چەندین رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوە دەرچوون، کە کچان و کوڕان تیایدا بەشدارییان کردوە، لەوانە گۆڤاری (ژیان) لەلایەن یەکێتی گشتی قوتابیانی- لقی هەولێر (١٩٥٩)، گۆڤاری دەنگی قوتابیان (١٩٥٩)، گۆڤاری تیشک (١٩٧٠)، لەلایەن قوتابخانەی سەرەتایی کوڕان لەشاری هەولێر دەرچووە، گۆڤاری رەهێلە (١٩٧١) لەلایەن قوتابخانەی دواناوەندی هەولێری کوڕان بڵاوکراوەتەوە، گۆڤاری بیری نوێ (١٩٧٢)، لەلایەن لیژنەی زمان و ئەدەبی کوردی قوتابخانەی دواناوەندی کوڕانی هەولێر بڵاوبۆتەوە، گۆڤاری چوارچرا (١٩٧٣)، بڵاوکراوەی دەنگی قوتابیانی کوردستان (١٩٧٣) بڵاوبۆتەوە. گۆڤاری کاروان (١٩٧٥)، لەلایەن قوتابیانی ئامادەیی کوردستانی کوڕان لەشاری هەولێر دەردەچوو. (عەبدوڵڵا ئەنوەر، ٢٠١٢، ل١٩٢- ٢١٥)

هەر لەشاری هەولێر، رۆژنامەی هەولێر (١٩٥٠- ١٩٥٣)، لەلایەن یەکێتی مامۆستایانی کوردستان- لقی هەولێر، دەردەچوو، کە ژمارەیەک نووسەری دیارو قەلەمی مامۆستایان دەردەکەوتن، لەنێویاندا، قەلەمی ژنی هەولێری تیایاندا دەردەکەوتن، کە نووسینیان لەبواری فێرکردن و پەروەردە لەو رۆژنامەیەدا بڵاودەکردوە.

لەو نوسەرانەی کە لەرۆژنامەی (هەولێر) بابەتیان دەنوسی و بڵاودەکردەوە:-(عەبدولمەجید حەسەن، جومعە محەمەد سەفار، یوسف شێخ یەحیا، مستەفا حەسەن، جەمال جەمیل، نافع یونس، حوسێن رەشوانی، ئەستێر سەعید، حەمدیە سابر، رەمزیە عادل، حەیدەر عوسمان، زاهیر ئەحمەد، عیزەدین فەیزی).

رۆژنامەی هەولێر، تیراژەکانی لەشارەکانی سلێمانی و بەغداو موسل تەنانەت دەگەیشتە بەسرە. هەر لەو کاتانەدا لەدوای ساڵی ١٩٥٠، قەڵەمی ژن لەرۆژنامەی (ژین)ی پیرەمێرد لەسلێمانی دەرکەوت. (عەبدوڵڵا ئەنوەر، ٢٠١٢، ل٢١٩)، (کەمال رەئووف محەمەد، ٢٠١٤، ل٣٦٦).

هەروەها لەساڵی ١٩٧٠ گۆڤارێکی زانستی و کۆمەڵایەتی و سیاسی بەناوی (رێژنە)، لەلایەن یەکێتی مامۆستایانی کوردستان- لقی هەولێر بڵاودەبێتەوە، کە نووسەرەکان لەبەر پاڵەپاستۆی سیاسی بەناوی خوازراو بابەتەکانیان بڵاودەکەنەوەو ئاماژە بەئەدرەسیان نادەن، کە لەکوێی شاری هەولێرن، هەروەها لەساڵی ١٩٧٣ گۆڤارێکی ئەدەبی، پەروەردەیی، زمانەوانی کوردی بەناوی (نوسەری نوێ)، لەلایەن یەکێتی نوسەرانی کورد لقی هەولێر دەردەچێت. پاشان هەر لەساڵی ١٩٧٣ کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی لقی هەولێر، گۆڤارێک بەناوی (رۆشنبیر) دەردەکەن، دیسان لەم گۆڤارەدا قەڵەم و رۆلی ژنی هەولێر دەردەکەوێت. دەستەی کارای نوسەرانی گۆڤاری رۆشنبیر بەشی کوردییەکەی (سامیە شاکر چاوشلی، ممتاز حەیدەری، حازم باجەلان، عبدلقادر محەمەد ئەمین) دەبن. لەساڵی ١٩٧٣ لەلایەن یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لقی هەولێر، گۆڤاری (بۆ پێشەوە) دەردەچێت و هەروەها لەلایەن سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر لەساڵی ١٩٧٠، گۆڤاری (هەولێر) دەردەچێت، لەم گۆڤارەدا گۆشەی تایبەت بەکاروباری ئافرەتانی تێدابووە. بەشێوەیەکی گشتی لەنێوان ساڵانی ١٩٣٥- ١٩٧٥، لەهەولێر ١٨ گۆڤارو ٣ رۆژنامە دەرچوونە، سەرباری ئاستەنگی سیاسیی و دارایی و چاپخانە و گەیاندن. هەروەها لەم ماوەیەدا بۆیەکەمجار

ژن لەدەستەی دەرکردنی رۆژنامەو ژن وەک قەڵەمی بەشداربوو لەرۆژنامەوانی کوردی شاری هەولێر دەرکەوتوون. (عەبدوڵڵا ئەنوەر، ٢٠١٢، ل٢٢٠-٢٥٣).

لەدوای ساڵی ١٩٧٠ ژمارەیەک لە رۆژنامەو گۆڤار لەشاری هەولێر، لەبواری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و ئەدەبی و هونەری و پەروەردەیی، بڵاودەکرانەوە، لەوانە گۆڤاری (رۆژی کوردستـــــان)، گۆڤاری (بەیان). هەروەها لەنێوان ١٩٧٠-١٩٧٤ لەنێو ناوەندەکانی خوێندن و کۆمەڵە و رێکخراوە پیشەییەکان، لەشاری هەولێر بڵاوکراوەیەکی ئێجگار زۆری پەروەدەیی دەردەچوون. هەر لەو ســـاڵانەدا (کۆڕی زانیاری کورد) و (یەکێتی نوســـەرانی لقی هەولێر) و (کۆمەڵەی رۆشــنبیری کورد)، لەشـــــاری هەولێر دامەزران، کە بەهەر رێژەو قەبارەیەک بێت، ژنان لەم ناوەندانەدا رۆڵیان نواندوە. (نەجمەددین عەبدوڵڵا ئیسماعیل، ٢٠١٦، ل٧٧- ٧٨)

لەبارەی ئەو ژنە میدیاکارو رۆژنامەوانانەی کە لەشاری هەولێر لەرۆژنامەوانی وەرزشی دەرکەوتوون، لەساڵانی هەشتاکان و نەوەدەکان، ژمارەیەک قەلەم بوون، بۆ نمونە لە (کاروانی وەرزشی) کە لەساڵی ١٩٨٥ لەشاری هەولێر دەرچووە، ژمارەیەک لەو قەڵەمانە تێدا بەدەرکەوتوون (بێری محەمەدی، زبێدە محەمەد، دایکی رەگەز، زیلان، شەپۆڵ، ناسکە محەمەد دزەیی...هتد). هەروەها لەسەرەتای نەوەتەکاندا (نەجیبە کەریم حەمەد) وەک یەکەم میدیاکاری وەرزشی ژن لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و شاری هەولێردا دەردەکەوێت. (زاگرۆس نانەکەلی، ٢٠١٥، ل٥٤٣)

لە مانگی دووی ســاڵی ١٩٨٦، ژمارە (١)ی (دەنگی ئافرەت)، لەلایەن لقی ئاوارەی یەکێتی ئافرەتانی کوردســتان، لەوڵاتی ئێران دەرچووە، بەڵام لەدوای راپەرین لەشـــــاری هەولێر بەردەوام بووەو تا ســـــاڵی ١٩٩٨ پانزە ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە. هەروەها گۆڤاری (ســێبەر)،ژمارە ٠(١)ی لەســـاڵی ١٩٩١ لەلایەن لقی هەولێری یەکێتی ژنانی کوردســـتان دەرچووە، ســێ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە. لەنیسانی ساڵی ١٩٩٤، ژمارە (١)ی گۆڤاری (تروسکە) لەلایەن کۆمەڵێک ژنی پێشکەوتنخوازی کوردستان لەشاری هەولێر دەرچووە. لە ١٩٩٧/٨/٥ژمارە سفری بڵاوکراوەی (ئایندە) لەلایەن یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان لەشاری هەولێر دەرچوو. هەروەها سەنتەری خاتووزین لەساڵی ٢٠٠٣ گۆڤاری (خاتووزین)ی لەشاری هەولێری بەچاپ گەیاند (محمد بابۆلی، ٢٠١٣، ل١٦٠-١٦١).

دووەم/ گرفت و ئاستەنگەکانی بەردەم ژنان لەکۆمەڵگای کوردیدا

ئەگەر ئاوڕێک لەمێژووی کۆمەڵگای کوردی بدەینەوە، دەبینین هەرلەسەرەتاوە کۆمەڵگایەکی داخراو بووە، داب و نەریت و بیر و باوەڕی ئاینی و کۆمەڵایەتی لەژێر کاریگەری پیاوانی ئاینی و ســـەرۆک خێڵەکان بووە، هەربۆیە ڕەگەزی ژن کەمترین دەســـەلاتی پێدراوە، ئەگەر ســـەیر بکەین بەدرێژایی مێژوو بەتایبەتی مێژووی خۆرهەڵاتی ناوەڕاســـت ژن وەکو بوونەوەرێکی ناتەواو ســـەیرکراوە و دابەزیوە بۆ نزمترین ئاســـت، واتە کۆیلایەتی ڕەگەزی زۆربەی کات لەلایەن پیاوانەوە درێژەی پیدراوە. ئەگەر بەراورد لەنێوان وەسـف و پیاهەڵدانی ژن بکەین لەناو ئەدەبیاتی کوردی دا بۆمان ڕووندەبێتەوە کەلەزۆربەی کاتدا خولیا و میزاج و تێڕوانینی ژنان لەدیدی پیاوان لەسۆمای هەست و سۆز و جوانی ژنانەوە سەری هەڵداوە ئەگەر نا بەشێوەیەکی گشتی ئافرەت نەکراوە بەپاڵەوانی چیرۆک و شـیعر و شـــانۆنامەکان، چونکە حەز و ئارەزوو خواســـت و داواکارییەکان هەتا دەگاتە عیشـقی ڕاستەقینە، بڕیار و دەستپێک و خولقاندنی فەزای سایکۆدرامی لەلایەن پیاوانەوە بۆتەکردار، هەمیشـە پیاوان پاڵەوانی چیرۆکی عیشـــق و ئارەزووەکان بووە و گرینگی دان بەژن وەکو ڕەگەزێکی مێینە بووە نەک وەکو مرۆڤێکی ئازاد و خاوەن ماف و بڕیار و دەسەڵات. (بەشدار عمر، 2012، ل58).

لەکۆمەڵگای کوردی دا لەژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و هونەری، ژنانی کورد زۆرگرفت و ئاستەنگ هاتۆتە بەردەمیان کەبەهۆیەوە نەیانتوانیوە هیواو ئاوەتەکانیان بهێننە دی لەگەڵ ئەوەشدا کەسانێك کەلەبنەماڵەی ڕۆشنبیر و شارستان ئەم هەڵەیەیان بۆ هاتۆتە پێش کەبتوانن لەفەزای ژوورە تاریکەکان بێنەدەرەوە و هەوای ئازای هەڵمژن بێنە ناو فەزای ڕۆشـــنبیری و ڕامیاری وەکو (قەدەم خێر و حەپســەخانی نەقیب و خانزادی میری سـۆران و فەزیلە چەلەبی و لەیلاقاسـم و عایشــەشـان و گوڵبەهار و نەرین شـــێروانی و چەندانی تر) لەگەڵ ئەوشـــدا ئەمخانمانە دەگمەن بوون و کەســـی بوێر و لەخۆبردوو بوون، بەڵام لەهەموو ئەگەرەکان ئەوە دەســەلمێنێت لەژنانی کورد هەمیشـە هەسـتی نەتەواویەتی و نیشـتمانیان بەرزبووە، هەروەها لەبواری ئەدەب و شانۆ و درامادا چەندین نموونەمان هەیە وەکو (کوردستان موکریانی و شوکریە ڕەسول و بەدیعە دارتاش و نەسرین مەرجان و چەندانی تر) کەتوانیویانە بڕوانامەی بەرز بەدەست بهێنن لەبواری ئەدەب و هونەردا، هەمدیسان لەبواری پزیکی و ئەندازیاری و کارگێری و ئابوری و چەندین پسپۆڕی تر چەندین کەسانی ژن تاکو ناوەڕاستی سەدەی بیستەم و دواتریش ڕۆڵی کاریگەرییان بینیوە لە ناو کۆمەڵگای کوردی دا (ڕەشاد سەبری، 2021، ل67).

مێژووی شـانۆ و درامای کوردی لەباشـووری کوردسـتان نزیکەی (100) سـاڵە، وەمێژووی میدیای کوردی بەشـێوەیکەی گشـتی نزیکەی (80) سـاڵە، لەدەستپێکدا تاکو سـەرەتای سـاڵانی حەفتاکانی سـەدەی ڕابردوو قەیرانی ڕۆڵی ژن زۆرگرفت بووە

لەناو هونەری شانۆ و دراما و میدیای کوردی دا ئەگەر تیشک بخەینە سەر ڕەوتی شانۆ و دراما لەشاری هەولێر، کەشارێکی دێرینە لەمێژووی شارستانییەتدا بەیەکێك لە شارەکۆن و مێژووییەکان دەژمێردرێت، کەتاکو ئێستا ژیان تێیدا گەشەی کردووە و پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام لەڕوانگەی کەلتور و ڕۆشنبیری و هونەریدا تاکو سەرەتای ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو هەمیشە قەیرانی ژنی هەبووە، مامۆستای هونەرمەند سەباح عەبدولڕەحمان دەڵێت: یەکەم جار ئافرەت لەشانۆگەری (مەسەلەی شەرەف) دا چووە سەرشانۆ کە خوشکە (شەوقییە شەوکەت بووساڵی 1971) ئینجا دوای ئەو خوشکە (چیمەن کاوێسی) بوو دواتر بەشێوەیەکی پچڕ پچڕ ئافرەتان دەهاتنە سەر تەختی شانۆ و بەشداریان دەکرد، هەندێک جاریش لەلایەن خزم و کەسوکاریانەوە ڕێگریان لێدەکرا و بەناچاری وازیان لەشانۆ دەهێنا و دەبوایە خوشک و خێزانی ئەکتەرەکانی شانۆ ودرامای هەولێر هان بدەین بۆ ئەوەی بێنە سەر شانۆ و ئەم بۆشاییە پڕبکەینەوە چونکە تاکو کۆتایی ساڵانی شەستەکان پیاو ڕۆڵی ئافرەتی دەبینی لە شانۆ و درامای کوردی دا بەڵام لە ساڵانی حەفتاکان ئەم کێشەیە کەمتر بووەوە (تەنیا، 1984، ل101).

کەواتە گرفت و ئاستەنگەکانی بەردەم ژنان ئیجگار زۆربووە لەنێوەندی شانۆ و دراما و میدیای کوردی دا، هەرئەمەش لەکۆمەڵگایەکی داخراو چاوەڕوان دەکرێت کە خەونی سەدان ژنی کوردی لەگۆڕنا.

**باسی سێیەم/ جێبەجێکردنی توێژینەوە**

یەکەم/ کۆمەڵگای توێژینەوە

کۆمەڵگای توێژینەوە پێکهاتووە لەو ژنە هونەرمەدانەی وەکو ئەکتەر لەنێوانە ساڵانی (1970 – 1990) بەشداریان کردووە لە نمایشی شانۆیی و درامای تەلەفزیۆنی هەروەها وەکو ژنی میدیاکار ڕۆڵی کاریگەرییان بینیوە لەبواری ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەو گۆڤار لەسیفەتی (نووسەر، بێژەر، پێشکەشکار، پەیامنێر، .......) کە لەم لیستانەی ئامادەکراوە ناویان هاتووە کەسەرجەمیان دانیشتووی یان خەڵکی پارێزگای هەولێرن، کەزۆریان بۆ ماوەیەک یان لەچەند بەرهەمێکی هونەری درامی و کاریمیدیایی کاریان کردووە دواتر وازیان هێناوە لەبەر هۆکاری کۆمەڵایەتی، بەڵام کەمینەیەکیان هەر لەسەرتای دەستپێکیان تاکو ئێستا بەردەوامن لەکاری شانۆ و دراما و میدیادا.

هەشتاکان دەزگای سینەما و شانۆ و هونەرە میللیەکان لەشاری هەولێر کە هونەرمەند مامۆستا (سەفۆت جەراح) بەڕیوەبەری ئەم دەزگایەبوو توانرا پۆلێک لەژنانی شاری هەولێر بەگرو تینەوە بێنە پێشەوە و بەشدایر لەشانۆ و دراما و سەما و هەڵپەڕکێی تیپی هونەرە میللیەکان بکەن، بۆ ئەم مەبەستە مامۆستا مەغدید حاجی لەبابەتەکانی ئەرشیفی خۆیدا و دواتر لەکتێبی (ئافرەت لەشانۆی کوردی دا) بەشێوەیەکی هوەنەری و تایبەت تیشک دەخاتە سەر ئەوژنانەی کەڕۆڵیان هەبووە لەبواری شانۆ بەگشتی و شاری هەولێر بەتایبەتی (حاجی، 1989، ل205 – 225)

سەرجەم دەرهێنەرکانی شاری هەولێر وەکو (تەلعەت سامان، فەرهاد شەریف، صەباح عەبالدرحمن، صەفوەت جەراح، سەعدون یونس، زوهێر عەبدولمەسیح، تەحسین شەعبان) ڕۆڵی کاریگەریان هەبوو لەپەروەردەکردنی ئەکتەر بەتایبەتی ئەکتەری ژن لەناو شانۆ و درامای شاری هەولێر کەهەمیشە وەکو باوک و برا مامەڵەیان لەگەڵ ئەکتەرە ژنەکانی شاری هەولێر دەکرد، ئەوەی شایەنی باسە هوەنەرمەند سەعدون یونس خێزان و کچی خۆی هێنابووە ناو بواری شانۆ و دراما ووەکو ئەکتەر زۆر چالاکانە بەشداری کارە هونەرییەکانیان دەکرد (غەمبار، 2004، ل128).

لەساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، ڕاستە ژنان بوێرانە هاتنە ناو بواری شانۆ و دراماوە بەڵام ڕێژەکەیان زۆر نەبوو، هەر بۆیە دەرهێنەرکان بەدوای ئەم دەقانەدا

دووەم/ لیستی ناوی ژنە ئەکتەر و میدیا کارەکانی پارێزگای هەولێر

لیستی ناوی ئەو ژنانەی لە ساڵی 1970 تاکو 1990 وەکو ئەکتەر ڕۆڵیان بینیوە لەبواری شانۆ و دراما لەشاری هەولێر*

| ژ | ناوەکان | ڕۆڵ | ساڵ |
| --- | --- | --- | --- |

* سەرجەم ناوی ئەو ژنانەی کە شانۆ و دراماکاندا لەنێوان ساڵانی (1970 -1990) لە پەرتووکی (حاجی, مەغدید, (1989), ئافرەت لەشانۆی کوردی دا, چاپخانەی (الجاحض), بغداد) وەرگیراون.

| | | | |
|---|---|---|---|
| 1 | ئاشتی عبدالكريم | ئەكتەر | حەفتاكان |
| 2 | ئازادە جلال | ئەكتەر/ ئارايشت | حەفتاكان |
| 3 | أحلام حسين | ئەكتەر | حەفتاكان |
| 4 | بديعە محمد | ئەكتەر | حەفتاكان |
| 5 | بەهار علی | ئەكتەر | حەفتاكان |
| 6 | باهرە محمد قادر | ئەكتەر | حەفتاكان |
| 7 | برنا اليا شمعون | ئەكتەر | حەفتاكان |
| 8 | بلقيس عبدالله | ئەكتەر | حەفتاكان |
| 9 | پروين عبدالحميد | ئەكتەر | حەفتاكان |
| 10 | جوليانا يوسف | ئەكتەر | حەفتاكان |
| 11 | جيهان عبدالحميد | ئەكتەر | حەفتاكان |
| 12 | حيات محمد | ئەكتەر | حەفتاكان |
| 13 | حربيە عمر شريف | ئەكتەر | حەفتاكان |
| 14 | ڕوناک محمد | ئەكتەر | حەفتاكان |
| 15 | زينب محمد | ئەكتەر | حەفتاكان |
| 16 | ژيان علی | ئەكتەر | حەفتاكان |
| 17 | ژيان فتح الله | ئەكتەر | حەفتاكان |
| 18 | سەميرە صليوە | ئەكتەر | حەفتاكان |
| 19 | ساجدە صليوە | ئەكتەر | حەفتاكان |
| 20 | ساميە محمد | ئەكتەر | حەفتاكان |
| 21 | سوهام محمد | ئەكتەر/ ئارايشت | حەفتاكان |
| 22 | شيرين عبدالله | ئەكتەر | حەفتاكان |
| 23 | شوقيە شوكت | ئەكتەر | حەفتاكان |
| 24 | صبريە سرتيب | ئەكتەر/ ئارايشت | حەفتاكان |
| 25 | فائزە عبدالمسيح | ئەكتەر | حەفتاكان |
| 26 | فاتمە رشيد | ئەكتەر | حەفتاكان |
| 27 | غوربت حسن | ئەكتەر | حەفتاكان |
| 28 | فيروز عبدالمسيح | ئەكتەر | حەفتاكان |
| 29 | فوزيە شهاب | ئەكتەر | حەفتاكان |
| 30 | فاخيمە عبدالله | ئەكتەر | حەفتاكان |
| 31 | كوردستان أسعد | ئەكتەر | حەفتاكان |
| 32 | گوڵهاد محمود | ئەكتەر | حەفتاكان |
| 33 | ليلی محمود | ئەكتەر | حەفتاكان |
| 34 | نازەنين محمد ساڵح | ئەكتەر | حەفتاكان |
| 35 | نەوال محمد | ئەكتەر | حەفتاكان |
| 36 | ليلی محمد | ئەكتەر | حەفتاكان |
| 37 | ليلی سعدون | ئەكتەر | حەفتاكان |
| 38 | نضال محمد | ئەكتەر | حەفتاكان |
| 39 | نرمين عبدالحميد | ئەكتەر | حەفتاكان |
| 40 | نسرين محمد | ئەكتەر | حەفتاكان |
| 41 | نجاح فتاح | ئەكتەر | حەفتاكان |
| 42 | نسرين صابر | ئەكتەر | حەفتاكان |
| 43 | چيمەن كاوێز | ئەكتەر/ ئارايشت | حەفتاكان |
| 44 | ئاوات عاسی | ئەكتەر | هەشتاكان |
| 45 | ئەمەل حەسەن | ئەكتەر/ ئارايشت | هەشتاكان |
| 46 | ئەديبە عەزيز | ئەكتەر | هەشتاكان |
| 47 | بەدريە محمد | ئەكتەر/ ئارايشت | هەشتاكان |
| 48 | بێخاڵ يوسف | ئەكتەر | هەشتاكان |
| 49 | پەيمان قادر | ئەكتەر | هەشتاكان |
| 50 | پەری حسين | ئەكتەر | هەشتاكان |



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

| | | | |
|---|---|---|---|
| 51 | پەیمان محمد | ئەکتەر | هەشتاکان |
| 52 | جیهان أحمد ڕسول | ئەکتەر | هەشتاکان |
| 53 | خوناو جمال | ئەکتەر | هەشتاکان |
| 54 | دڵپاک طاهر | ئەکتەر/ ئارایشت | هەشتاکان |
| 55 | درەخشان محمد | ئەکتەر | هەشتاکان |
| 56 | سەمیرە عبدۆک | ئەکتەر | هەشتاکان |
| 57 | سوسن سعدون | ئەکتەر | هەشتاکان |
| 58 | سوسن عبدالرحمن | ئەکتەر | هەشتاکان |
| 59 | سرگول عزیز | ئەکتەر | هەشتاکان |
| 60 | سعدیە فاضل | ئەکتەر | هەشتاکان |
| 61 | سوهەیلە محمد | ئەکتەر | هەشتاکان |
| 62 | سمیرە عبدالستار | ئەکتەر | هەشتاکان |
| 63 | فریدە فتح الله | ئەکتەر | هەشتاکان |
| 64 | کۆچەر جەلال | ئەکتەر | هەشتاکان |
| 65 | گەلاوێژ طاهر | ئەکتەر | هەشتاکان |
| 66 | سوهام حسن | ئەکتەر/ ئارایشت | هەشتاکان |
| 67 | موژدە جلال | ئەکتەر | هەشتاکان |
| 68 | نادیە جوهر باپیر | ئەکتەر | هەشتاکان |
| 69 | شلێر کۆیی | ئەکتەر | هەشتاکان |
| 70 | ڕوپاک عبدالقادر | ئەکتەر/ ئارایشت | هەشتاکان |
| 71 | شیرین صابر | ئەکتەر | هەشتاکان |
| 72 | پەیمان أحمد | ئەکتەر | هەشتاکان |
| 73 | ئاوارە محمد | ئەکتەر | هەشتاکان |
| 74 | سازان کۆیی | ئەکتەر | هەشتاکان |
| 75 | شەرمین نەقشبەندی | ئەکتەر | هەشتاکان |
| 76 | کوردە قەراجی | ئەکتەر | هەشتاکان |
| ٧٧ | سهیلە محمد فرمان | ئەکتەر | هەشتاکان |

هەرچی سەبارەت بە میدیای ژنانە لە هەرێمی کوردستان، دەکرێ بگوترێت: لە دوای ڕاپەرینی ئاداری 1991، بەهۆی پاڵنەرە خۆیی و بابەتییەکانی تایبەت بە پرسی ژن لێرە و لەوێ ڕۆژنامە حزبییەکان گۆشەی تایبەت و لاپەڕەی تایبەتیان بۆ کاروباری ژنان تەرخان کرد.

ڕێکخراوەکانی ژنانیش بە ئەندازەی توانستی ماددی ڕێکخراوەکانیان لەو پەڕی چەپەوە بۆ ئەو پەڕی ڕاست کەوتنە دەرکردنی بڵاوکراوەی تایبەتی لە شێوەی گۆڤار و بڵاڤۆکی خولی تەمەن کورت. هەریەك لەوان وێرای ناسنامە فیکری و ئایدۆلۆژی و حزبییەکەی وەك دەنگهەڵبڕی ڕەسمی ئۆرگانەکانیان کەوتنە پەخش و بڵاوکردنەوە.

لە ڕادیۆ حزبییەکانیش بەرنامەی تایبەت بە بڵاوکردنەوەی پەیام و هەواڵی ڕێکخراوەکانیان هاتنە ئاراوە. لەگەڵ گەشەسەندنی ڕەوتی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، بڵاوکراوەی تایبەتی هاتنە ئاراوە و بە هەنگاونان بۆ جیهانی ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنیش ژمارەیەك ماڵپەڕی تایبەت بە پرسی ژن دەستیان بە وەشان کرد.

کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی، بەتایبەتی گشتییەکانیان تا ئێستا نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی لەبەر بنەمای هزری و پڕۆژەی یەکسانیخوازییەوە کار لەسەر پرسی ژن بکەن. بەشێك لەوانە مەبەستییان لە وروژاندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی تایبەت بە ژنان و توندوتیژییەکانی دژی ژن تەنیا سەرنجڕاکێشانی خوێنەران و ڕەواجپێدانی بڵاوکراوەکانیانە، چونکە بە هزرێکی ژنانەوە ناڕواننە پرسی ژن و دواجار ڕاگەیاندنکارەکانیان ڕۆڵەی گۆشکراوی هزری پیاوسالارانەی باوی کۆمەڵگەن و تا ئێستا زۆرێکیان نەیانتوانیوە لەو تەوقەی بەندوباوی کولتووری کۆمەڵایەتی پیاوسالارانە ڕزگار بن. (مورینیە، بامیلا، و ماتشاریا، 2015، ص 11)

هەرچەندە هەندێك لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی، بەشی تایبەت، لاپەڕەی تایبەت، بەرنامەی تایبەت، هەندێك جار پاشکۆی تایبەتیان بۆ ژنان بە گشتی تەرخان کردووە، بەڵام لە ڕوانگە کلاسیکییەکەی ڕاگەیاندنی تایبەت بە ژنانەوە کاری لەسەر دەکەن.لە هەوڵی کاوێژکردنەوە و وەرگێڕان و کۆپی پەیستکردنی ئەو هەواڵ و بابەتانەن، کە هەندێکجار ژن وەك تاوانبار و هەندێکجاریش وەك کاڵایەکی هەرزانفرۆشکراو پیشاندەدەن و لە باشترین حاڵەتیشدا کاروباری جوانکاری، ئارایشت، ناوماڵ، دیکۆرسازی، بورجەکان و خوێندنەوەی دەست، چێشتخانە و خواردن سازکرن بە بەشێك لە خزمەتی ژنان دەناسێنن. وەك لە

سەرەتاوە ئاماژەمان پێکرد، ئەو بابەتگەلە هیچ پەیوەندییەکیان بە خزمەتی ژنانەوە نییە و بگرە بەردەوامی ئەو هزر و هەوڵە نەریتیانەیە، کە دەدرێن بۆ کەم بایەخ کردنی پرسی ژن و رۆڵی لە نێو کایەکانی کۆمەڵگەدا.

فەرامۆشکردنی دەنگی ژن و هەڵوێستی ژنان لەمەڕ کایە گرنگ و هەستیارەکانی کۆمەڵگە و خستنەڕووی تەنیا روانگەی پیاوان جۆرێك لە ناهەوسەنگی هێناوەتە کایەوە، زیانمەندی یەکەمی ئەو ناهاوسەنگییەش ژنان و دۆزەکەیانە. تەنانەت لەناو دەزگا میدیاییەکانیشدا ژنان پەراوێزخراوترینن و جگە لە رۆڵی لاوەکیانەی وەك کاروباری پرسگە و پەیوەندیگرتن و هەندێکجار پەیامنێری هیچ رۆڵێکی بەرپرسیارێتیانە بە ژنان ناسپێرن و لە لایەکی دیکەوە هەندێك رۆڵی نمایشکارانەی وەك بێژەری و پێشکەشکردنی بەرنامەی خۆشی و کاتبەسەربردنیان پێ دەسپێردرێت.

لە بارەی راگەیاندنی تایبەتی ژنانی کوردیشەوە پێویستە دان بەو راستییەدا بنێین، کە هەندێك دەزگاو رێکخراوەی ژنان توانیان هەنگاوی گرنگ لەو رووەوە هەڵبنێن و بە کردەوە پرسی میدیای تایبەتمەندی ژنان بەرنە پێشەوە، لەوانە دەکرێت ئاماژە بە گۆڤاری (وارڤین) بکرێت، کە دواجار بەهۆی نەبوونی ئیمکانیەتی مادییەوە و بڕینی بودجەکەی لە لایەن حکومەتەوە، وەستا و نەیتوانی بەردەوام بێت. سەرەڕای کەموکورتییەکانی ئەو گۆڤارەش لە رووی داڕشتنەوەی پەیام و دەستنیشانکردنی خوێنەرانی بە ئامانجگیراو و زمان و ئەدەبیاتی تایبەت بە ژنان، بەڵام هێشتا دەکرێت بە هەوڵێکی جێ بایەخ بۆی بڕوانرێت. (مورينيه، باميلا، و ماتشاريا، 2015، ص 9)

بەگشتی پرسی راگەیاندنی تایبەتمەندی ژنانی کورد بوارێکی گرنگە و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی زانستییانە بۆ ئەو کایەیە پێویستی بە کاری زیاتر و وردەکاری زۆرتر هەیە و دەکرێت لە باسێکی سەربەخۆدا درێژە بەم باسە بدەین.

پێویستە ئەو راستییەش لەبەرچاو بگرین، کە پرسی پەراوێزخستنی ژن و بچووککردنەوەی رۆڵی لە کۆمەڵگەدا پرسێکی جیهانییە و لە ئێستادا ژنان لە ناوەندە میدیاییەکانی جیهاندا سەرقاڵی مشتومڕی زانستییانەن بۆ راستکردنەوەی ئاراستەی کاری میدیایی و لەبەرچاوگرتنی روانگە و تێگەیشتنی ژنانە لە بوارەکانی ژیانی گشتی و تایبەتی کۆمەڵگەکاندا.

بۆ ئەو مەبەستەش ژنان داوا دەکەن راگەیاندنکاران بە چاوی یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتییەوە رووماڵی رووداوەکان بکەن و لە کۆی گشتی رووماڵی رووداوەکاندا کاریگەریی رووداو لەسەر ژن و تێگەیشتنی ژن لە رووداو و بۆچوون و هەڵوێست و تێفکرینی لە رووداو فەرامۆش نەکەن. چونکە "روانین لە هاوێنەی جۆری کۆمەڵایەتییەوە دەبێتە هۆی ئەوەی رۆژنامەوانان راپۆرتەکانیان لە روانگەی ژنانەوە بگەیەننە جیهان و لەو رێگەیەوە ئەزموونی ژن و بایەخ و روانگە و بۆچوونیان لە رووماڵی رووداوەکاندا رەنگدەداتەوە، ئەمەش هۆیەکە بۆ ئەوەی ژنان چیرۆکی خۆیان بە دەنگی خۆیان بگەیەنن و ئەو راستییەش روون دەبێتەوە، کە تا چەند ئەو رووداوانە کاریگەرییان لەسەر ژنان و پیاوان بەجێهێشتووە". (مورينيه، باميلا، و ماتشاريا، 2015، ص 9)

بە گوێرەی ئەنجامەکانی راپۆرتی پرۆژەی چاودێریکردنی راگەیاندنی جیهانی 2010، پیاوان پشکی شێریان لە رووماڵی رووداوەکان بەرکەوتووە و ژنان و توێژە کۆمەڵایەتی و رەگەزییەکانی دیکە هێشتا لە پەراوێزدا ماونەتەوە. (مورينيه، باميلا، و ماتشاريا، 2015، ص 10)

لیستی ناوی ئەو ژنانەی لە ساڵی 1970 تاکو 1990 لە بواری میدیا (ئێزگە – تەلەفزیۆن – ڕۆژنامە) ڕۆڵیان بینیوە لە شاری هەولێر*

| ژ | ناو | ئێزگە | تەلەفزیۆن | ڕۆژنامە | ساڵ |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |

*لە چاوپێکەوتنێکی ئەلیکترۆنی لەگەڵ بەڕێز (جاسم وەندی) کە بۆ ماوەیەکی زۆر لە رادیۆی کوردی بەغدا وەك دەرهێنەر کاری کردووە و ئێستاش لە بەشی تەنسیقی کەناڵی ئاسمانی کوردستان تیڤی بەردەوامە، 3-10-2023 کاتژمێر (6) ئێوارە.

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | د. کوردستان موکریانی | ئێزگە | | ڕۆژنامە | هەشتاکان |
| 2 | د. شکوریە رسول | ئێزگە | | ڕۆژنامە | هەشتاکان |
| 3 | شیرین عباس | ئێزگە | تەلەفزیۆن | | حەفتاکان |
| 4 | دالیا أحمد | ئێزگە | | | حەفتاکان |
| 5 | سعدیە شریف | ئێزگە | | | هەشتاکان |
| 6 | سمیرە محمد علی | ئێزگە | تەلەفزیۆن | | هەشتاکان |
| 7 | نیشتمان عمر | ئێزگە | تەلەفزیۆن | | هەشتاکان |
| 8 | فریدە أحمد | ئێزگە | | ڕۆژنامە | هەشتاکان |
| 9 | شەونم محمد | ئێزگە | | | هەشتاکان |
| 10 | حەمدیە سابیر | ڕۆژنامە | ڕۆژنامەی (هەولێر- اربیل)، | | حەتاکان |
| 11 | خالیدە خدر ئیبراهیم | ئێزگە | بەزمانی کوردی و عەرەبی ئێزگەی کوردی بەغدا | | حەتاکان |

سێیەم/ کاریگەری ژنان لەبواری شانۆ و دراما و میدیادا لەساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستەم

قۆناغی هەشتاکانی سەدەی بیستەم بە قۆناغی بەرەوپێشچوونی تەکنیک و تەکنەلۆژیا دادەنرێت، لەو سەردەمدا هیچ جیاوازییەک نەما لەنێوان ژنان و پیاوان لەهەموو کایەکانی ژیان ئەگەر تیشک بخەینە سەر بواری شانۆ و دراما و میدیای بیستن و بینین و نووسین، ڕۆڵی ژن لەم بوارانەدا پێشکەوتنی گەورەی بەخۆیەوە بینی تەنانەت پۆلێک لە کچانی کوردستان لەسەر بنەمایەکی ئەکادیمی و هونەری بوونە قوتابی لەبەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی و موسڵ و کۆلێژی هونەرە جوانەکانی بەغدا، لەکۆتایی هەشتاکان چەند کچی کورد خوێندنی هونەری شانۆیان تەواو کرد وەکو شانۆکاری ئەکادیمی دەرکەوتن لەبواری شانۆ و درامای کوردی لەوانەش: (نیگار حەسیب قەرەداغی – گەزیزە عومر – فرمێسک مستەفا – میدیا ڕەئوف بێگەرد – مەی عەبدالکریم – شەرمین محمد – خەرمان هیرانی – تەلار هیرانی – کوردە قەراجی – تریفە ئەحمەد – فەریدە ئەحمەد – ژیان ئیبراهیم خەیات و چەندانی تر)

ئەم پۆلە کچە توانیان بەتەواوی فەزای شانۆ برازێننەوە و بەشداری لەدراما تەلەفزیۆنەکان بکەن ئەوەی شایەنی باسە لەسەرتای دەگەڕان کەکەمترین ڕێژەی ڕۆڵی ژنی تێدابێت بۆ ئەوەی لەکاتی دەور دابەشکردندا تووشی گرفت نەبن، هەروەها لەبواری کاری میدیاشدا ڕێژەکە وەکو پێویست نەبوو بەڵام ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەرگاکان بەڕووی ژناندا دەکرانەوە و خەڵک چاوی کرابۆوە و کارکردنی ژنان لەبواری شانۆ ودراما و میدیادا لەلای هەندێک لە خانەوادەکانی شار زۆر ئاسایی بوو، بەتایبەتی لای چینی ڕۆنبیران و هەندێک خانەوادەی مۆدێرنی شار، نابێت ئەوەش لەبیر بکەین لەساڵانی هەشتاکان شانۆ و درامای تەلەفزیۆنی زۆرترین بینەری هەبوو، ئەو ژنانەی کە بەشداریان دەکرد لەلایەن خەڵکەوە پیرۆزباییان لێدەکرا و لەگۆڤار و ڕۆژنامەکان دیمانەیان لەگەڵ سازدەکرا و ببونە هاندەریک بۆ ئەوەی ژنانی دیکەش بینە پێشەوە وچاو لەوان بکەن، هەم دیسان لەبواری کاری ڕۆژنامەگەری ڕادیۆ و تەلەفزیۆن ژمارەیەک ژن وەکو بێژەر و پێشکەشکار ڕۆڵی کاریگەرییان دەبینی و توانیبویان ببنە ئەستێرەیەکی درەوشاوە لە تەلەفزیۆنی کەرکوک و ئێزگەی کوردی لەبەغدا لەو سەردەمەدا، هەر بۆیە بەشێوەیەکی گشتی لە ناوەڕاستی ساڵانی هەشتاکان قەیرانی ژن زۆر کەم بووەوە یاخود نەمە لەبواری شانۆ و دراما و میدیای کوردی دا. (سابیر، 2008، ل86).

شێوەکانی دەرکەوتنی ڕاگەیاندنی ژنان لە نێوان دەیەی سەدەکانی پێشوودا

یەکەم: ئەو لاپەڕانەی تەرخان کرابوو بە ژنان لە ڕۆژنامە و گۆڤارە گشتییەکاندا.

دووەم: دەرکەوتنی ڕۆژنامە و گۆڤاری سەربەخۆ و تایبەت بە ژنان بە شێوەیەکی خولەکی جا چ هەفتانە، نیومانگی، مانگانە یان وەرزی بوایە. (ابو زید، 1986، ص100)

شێوەی یەکەمی ئەم جۆرە ڕاگەیاندنە مێژووییەکی دێرینتری هەیە، بەڵامشێوەی دووەمی دەرکەوتنی ڕاگەیاندنی ژنان مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمی لەدایکبوون. شوێنی سەرهەڵدانیشی ئەورووپا و خۆرئاوا بوو بە گشتی، بە کۆتایهاتنی شەڕی دووەمی جیهانی 1939 – 1945، هاوڕێ لەگەڵ هەڵکشانی ڕەوتی فێمینستی لە ئەوروپا و پەرەسەندنی بیری فێمینیستی لە وڵاتانی جیهاندا ژمارەی ئەو گۆڤار و چاپکراوە تایبەتییانەی باسیان لە پرسی ژن و مافەکانی دەکرد رووی لە هەڵکشانێکی بەرچاو کرد. (ابو زید، 1986، 100)

لە میانەی قۆناغەکانی سەرهەڵدان و گەشەکردنی میدیای ژنان، ئەو گۆڤارانەی تایبەت بە ژنان بوون، وەڵامدەرەوەی خواست و داواکاری کۆمەڵگە بوون و ئامانجیان گەیاندنی ئەو پەیامە بوو، کە ژنان هۆشیار ببنەوە و ئاشنای مافە و داواکارییەکانیان بن و داوای دارشتنەوەی یاساکان بکەن لە پێناو مسۆگەرکردنی مافی ژنان تێیاندا. (ابراهيم، 1996، ص7)

هەرچەند وڵاتانی عەرەبی لەدوای ئەورووپاوە بوون، بەڵام دەرکەوتنی گۆڤارێکی ژنان لە وڵاتی میسر وێرای دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ بوو لە ژیانی ژنانی میسری و عەرەبی بە گشتی، سەرەتایەکی گرنگ بوو بۆ سەرخستنی داواکاری ژنان. هەربۆیە گۆڤارەکەی "هند نوفل" کە بەناوی "المجلة" لە ساڵی 1892 لە ئەسکەندەرییە دەری کرد پێشەنگە و لەدوای ئەویش "جرجي نقولاباز" لە 1909 لە لوبنان گۆڤارێکی بەناوی "الحسناء" دەکرد و لە ریزبەندی سێیەمدا ساڵی 1910 لە سوریا "ماري عبده عجمي" گۆڤاری "العروس"ی دەرکرد و لە عێراقیش لە 5ی ئۆکتۆبەری 1923 "بولینا حسون" یەکەم گۆڤاری تایبەت بە ژنانی بەناوی "لیلی" دەرکرد. (ابراهيم، 1996، ص7)

یەکێك لە گرفتەکانی بەردەم ئەو جۆرە راگەیاندنەی ژنان، وێرای هەلومەرجە کۆمەلایەتی و سیاسی و ئاینییەکەی کۆمەڵگەی عەرەبی لە ناوەرۆکی پەیامەکەشدا گرفتی تێنەگەیشتن لە خواست و پەیامی ژنان هەبوو، بە درێژایی سەدەی رابردوو لێرە و لەوێ گۆڤاری تایبەت بە ژنان بڵاوکراونەتەوە، بەڵام زۆرێکی ئەو گۆڤارانە لە خزمەتی پرسی ژندا نەبوون، بەڵکو تا ئەندازەیەکی زۆر خەریکی لاساییکردنەوەی ئەدەبیاتی پیاوسالاری و پلەدوویی ژنان و بەکاڵاکردنی ژن و بچووکردنەوەی رۆڵیان بوون. بەو رادەیەی "پەیامەکەیان ئاراستەی چینێکی دیاریکراوی ژنان کە ئەوانیش ژنانی خۆشگوزەرانی کۆشکەکان بوو دەکرا و بەهۆی هەژاریی و بێدەرامەتی و نەخوێندەوارییەوە زۆرینەی رەهای ژنانی کۆمەڵگە عەرەبییەکان نەیاندەتوانی سوودیان لێوەربگرن و ئەو گۆڤارانە بووبوونە ناوەندێك بۆ کۆپیکردنی وێنای ژنی رۆژئاوایی و ژنیان هۆگری جوانکاری نێومال و کەرستەی رازاندنەوە و ئارایشت دەکرد و ئاوڕی جدییان لە پرسەکانی کۆمەلایەتی، بەشداری سیاسی و رۆڵی ژن لە کۆمەڵگە نەدەدایەوە". (ناصر، عدد 1058، 2004)

بە سەرنجدان لە سەرچاوە عەرەبییەکانی تایبەت بە راگەیاندنی ژنان تێبینی دەکرێت زۆرێك لەو سەرچاوانە پۆلێنبەندی راگەیاندنی ژنانیان بە دیوە بەکاربەری و تێگەیشتنە پیاوانەییەکەیان لە بەرامبەر ژندا کردووە، نەك بە دیوی خواست و داواکارییەکانی ژنان و پرسی ماف و یەکسانییان، بۆ نموونە، قەڵەمێکی دیار و بەناو و دەنگی دنیای رۆژنامەوانی عەرەبی "دکتۆر فاروق ئەبوزەید" لە کتێبەکەیدا پۆلێنبەندییەکی بۆ رووماڵی رۆژنامەوانی کاروباری ژنان کردووە بەم شێوەیە:

1 – کاروباری ئارایشت و جوانکاری.
2 – کاروباری مۆدە و نمایشی جلوبەرگ و شۆخ و شەنگی.
3 – کاروباری چێشتلێنان و چێشتخانە.
4 – کاروباری دیکۆرسازی و رازاندنەوەی ناوماڵ.
5 – کاروباری هاوسەرگیری و پەیوەندی ژن و پیاو.
6 – کاروباری ژنانی کارکەر(٢٤). (ابو زيد، 2011، ص107)

**باسی چوارەم: ئەنجام و پێشنیار لیستی سەرچاوەکان**

ئەنجامەکان:

گرنگترین ئەنجامەکای ئەم تویژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوە پێک هاتووە

1. لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان لەسەر دەستی ئەم پۆلە ژنە ئەکتەرانەی شاری هەولێر قەیرانی نا ئامادەیی ژنان لە شانۆ و دراامادا کۆتایی هات.

2. لەسالانی حەفتاکان و هەشتاکان قەیرانی نائامادەیی ژن لەکاری میدیایی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و گۆڤار و ڕۆژنامەکان کۆتایی هات.

3. بەهۆی بەشداری ژن لە شانۆ و درامای سالانی حەفتاکان و هەشتاکان، هونەری شانۆ و درامای کوردی گەورەترین پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی.

4. بەرلەبەشداری ژنان لەشانۆ و دراامادا پیاوان ڕۆڵی ئافرەتیان دەبینی، هەر بۆیە ئەم سەردەمە کۆمەڵگای کوردی لە پانتاییەکی دواکەوتوو دەبینرا بەبەراورد لەگەڵ کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان.

5. لەگەڵ گەشەسەندنی تەکنیک و تەکنەلۆژیا ژنانی کورد بوێرانە هاتنە ناو بواری هونەر و میدیا.

6. ساڵانی (1970 -1990) بەشداری ژنان لەشانۆ و دراما و میدیادا بەسەردەمی زێڕین ناوزەر دەکرێت.

پێشنیاز و راسپاردە:

1. پێداگری لەسەر گەیشتنی ژن بە ناوەندەکانی بڕیار لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و بەشداریکردنی ژنان لە داڕشتنی کارنامە و ستراتیژی کاری کەناڵەکان.
2. داڕشتنی ستراتیژی کاری ڕاگەیاندن بۆ ڕاگەیاندنی تایبەتمەندی ژنان و دەستنیشانکردنی ئامانج و هەڵسەنگاندنی وردی قۆناغی کاری ڕێکخراوەکانی ژنان.
3. دەستەبەرکردن و دۆزینەوەی میکانیزمی پەیوەندی نێوان میدیاکارانی ڕاگەیاندنی تایبەتمەندی ژنان لەگەڵ ناوەندەکانی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان و شارەزایانی بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان.
4. پشتیوانیکردن لە قەڵەمی ژنان و پێگەیاندنی کادیری ژن بۆ ئەوەی بتوانن لە ڕوانگەیەکی ژنانەوە رووماڵی ڕووداوەکان بکەن و ڕۆڵی ژن و کاریگەریی ڕووداو لەسەر ژن فەرامۆش نەکەن.
5. پشتیوانیکردن لە پرۆژە و کاری ڕێکخراوەکانی ژنان بە تایبەتی لە بواری ڕاگەیاندنی تایبەتمەنددا.


**سەرچاوەکان**

**یەکەم: پەرتووك بە زمانی كوردی**

1. تاهیر، ژیلوان، ئیستاتیکیای شانۆ، گۆڤاری تیاتەر، ژمارەی ئەزموونی. 2013.
2. تەنیا، حەسەن، شانۆ و شانۆی کوردەواری، وەزارەتی ڕۆشەنبیری و ڕاگەیاندن – عێراق، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، زنجیرەی ژمارە (111). 1976.
3. حاجی، مەغدید، ئافرەت لەشانۆی کوردی دا، چاپخانەی (الجاحض)، بغداد. 1989.
4. حەمەئەمین، ئەکرەم فەرەیدون، (2021) بیبلۆگرافیای ڕاگەیاندن نامەی ماستەر و دکتۆراکانی کورد لەبواری میدیا، بەرگی چوارەم، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، 2021.
5. رەحمان، ئەرسەلان، ڕاگەیاندنی تایبەتمەند، کۆدەرسگوتارەکانی قۆناغی دووەمی گروپی رۆژنامەوانی بەشی راگەیاندنی پەیمانگەی تەکنیکی هەولێر بۆ ساڵی 2011 – 2012.
6. زاگرۆس نانەکەلی، میدیای وەرزشی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر. 2015.
7. عەبدوڵڵا ئەنوەر -سمکۆ، رۆژنامەوانی کوردی شاری هەولێر ١٩٣٥ -١٩٧٥، چاپخانەی رۆژهەڵات،چاپی یەکەم، هەولێر، 2012.
8. کەمال رەئووف محەمەد - بابی لالۆ، مێژووی رادیۆی کوردی بەغدا ١٩٣٩ -١٩٥٨، بەرگی یەکەم - بەشی دووەم، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، 2014.
9. محمد بابۆلی، رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.، 2013.
10. محمد، محسین، مێژووی شانۆی کوردی، هەولێر – وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، 2019.
11. نەجمەددین عەبدوڵڵا ئیسماعیل، هەولێر لەنێوان ساڵانی ١٩٧٠ ـــ ١٩٧٩، لێکۆلینەوەیەکی مێژووییە لەبارودۆخی سیاسی، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، 2016.
12. هیوا فریادرەس، ژن لەرۆژنامەگەریی کوردیدا، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، 2012.

**دووەم: پەرتووك بە زمانی عەرەبی**

13. ابراهيم، دکتور اسماعيل، الصحافة النسائية في الوطن العربى، الدار الدولية للنشر و التوزيع، القاهرة، 1996.
14. ابو زيد، فاروق، الصحافة المتخصصة، 1986.
15. ابو زيد، فاروق، و ليلى عبدالمجيد، الصحافة المتخصصة، مطبعة الاسكندرية، 2011.
16. العذاب، امير، الصحافة النسائية.. الواقع و لمأمول، موقع النور (سوريا).
17. مورينيه،باميلا، و ماتشاريا، سارة، القضايا الفكرية، مجموعة مصادر التعلم عم الصحافة اخلاقيات النوع و سياسة الاعلام، الكتاب الاول، 2019.

**سێیەم: نامەی ماستەر و دکتۆرا**

1. الاسعد، نادين، الصحافة نشأة و تطورا، بحث من متطلبات درجةالدكتوراه في الصحافة و الاعلام، انترناشونال كاونسل – لبنان.
2. الناجي، الا شعبان، الصحافة الاسلامية، بحث الجامعي، الجامعة الاسلامية، غزة، كلية الاداب، قسم الاعلام، الصحافة و الاعلام، بحث المنشور في الانترنيت. بشكل .doc.

3. الكيلاني، خالد، دور الاعلام في دعم المجتمع المدني، اشـــكاليات العلاقة بين الاعلام و منظمات المجتمع المدني (الصحافة القومية و الخاصة و الحزبية) ، بحث منشور في الانترنيت على موقع، 2008.
4. ڕەفیق، بەشدار عمر، (2012)، ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی ژنی کورد لەباشووری کوردستاندا (1921 – 1958)، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە.

**چوارەم: ڕۆژنامە و گۆڤارەکان**

1. ناصر، بشرى، الصحافة النسائية، اي خطاب و لمن يوجه، الحوار المتمدن، عدد 1058، 25-12-2004.
2. سعيد، منى، تاريخ الصحافة النسائية في العراق، موقع المجلة.
3. میران، ڕەشاد سەبری، ئافرەت لەکلتوری کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمی، ژمارە (48)، هەولێر. 2021.
4. غەمبار، کەمال، هونەرێکی شـــانۆیی لەهەولێر هەبوو، گۆڤاری ڕامان، (ژمارە / 84-85)، هەولێر، دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی گوڵان، 2004.
5. ســـابیر، جەبار، (2008)، ئەدەبیاتی ژنانە و پیاوانە، چاپخانەی دەزگای ئاراس، گۆڤاری نەوشـــەقەق، ژمارە (53)، هەولێر.

**پێنجەم: چاوپێکەوتن**

1- لە چاوپێکەوتنێکی ئەلیکترۆنی لەگەڵ بەڕێز (جاســـم وەندی) کە بۆ ماوەیەکی زۆر لە ڕادیۆی کوردی بەغدا وەك دەرهێنەر کاری کردووە و ئێستاش لە بەشی تەنسیقی کەناڵی ئاسمانی کوردستان تیڤی بەردەوامە، 3-10-3023 کاتژمێر (6) ئێوارە.